**مادەی دوازدەیەم**: ١- حوکمی دادوەری بە کوناهبارکردنی خاوەنی (امتیاز) وسەرۆکی نووسین بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە چاپکراوی خولە کیدا خودی چاپکراوە کە ناگرێتەوە و بوونی (وجود)ی بەردەوام دەبێ مەگەر خاوەنی (امتیاز) خۆی وەهای حەزلێ نەبێ کە ئەوسا حوکمی مادەی شەشەمی ئەم یاسایەی بەسەردا جێ بە جێ دەکرێ.

٢- حوکمی دادوەری بە گوناهبار کردنی پێشکەشکەری چاپکراوی ناخولەکی بۆچاپ خودی چاپکراوە کە دەگرێتەوە وتا کاتی لادانی هۆی گوناهبار کردنە کە چاپکراوە کە دەستی بە سەردا دەگیرێ وبڵاوکردنەوەی قەدەغەدەکرێ.

**مادەی سیازدەیەم**: هیچ کوتێك لەسەر هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێم وبردنی بۆ دەرەوەی نی یە تەنیا ئەوانە نەبێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی مادەی نۆیەمی ئەم یـ[illegible]ـەن وسەرپێچی کەر دەکەوێتە بەرلێ پرسینەوەی یاسایی یەوە.

**مادەی چواردەیەم**: سەربەستی ی کاری راگەیاندن بۆ پەیامنێر ونوێنەرانی دام و دەزگاکانی راگەیاندنی بیانی لە هەرێمدا مسۆگەرەو مەرج وبنچینە کانی کارکردنیان بەرێنمایی یەك دیاری دەکرێن کەوەزیر دەریدەکا.

**مادەی پازدەیەم**: دەبێ خاوەنانی ئەو چاپکراوە خولەکی یانەی تا کاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە هەن لە ماوەی (٣٠) رۆژ دا لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا حوکمی مادەی پێنجەمی جێ بەجێ بکەن.

**مادەی شازدەیەم**: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی ی پێویست بۆ ئاسانی ی جێ بە جێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**مادەی حەڤدەیەم**: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمە کانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.

**مادەی هەژدەیەم**: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکا.

**مادەی نۆزدەیەم**: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیە وە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی ی کوردستانی عیراق**

* * *

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بریار: ٢٥**

**مێژووی بریار: ١٧/٥/١٩٩٣**

بەپێ ی برگەی (١) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیازی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و پەسند کردن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی ١٦/٥/١٩٩٣ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا

## یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ١٩٩٣

## یاسای ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەرێمی کوردستانی عیراق

**مادەی یەکەم**: مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدانی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکرنەوەو گەشەپێدانی هەرێم.

٥- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری ی وەزارەت.

**مادەی دووەم**: وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێدێنێ:

١- پێشنیاز کردنی نەخشەی گشتی ی سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدانی هەرێم لە بواری دروستکردنەوەی شارو گوندو خانووبەرە رووخێنراوەکان ورێگاو پردیش لە سنووری کەرتەکانی ئەو پرۆژانەی ئاوەدانکردنەوە کە بە وەزارەت سپێردراون.

٢- جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەی بۆ وەزارەت بریار دراوەو پێشنیازکردنی نەخشەی ساڵانەو مامناوەندی و درێژخایەنی پێویست بۆ جێبەجێ کردنیان.

٣- دانانی سکێچ وبەرنامەی کار بۆ نەخشە سەلمێنراوەکان وجێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی پابەندیانن بەشێوەی جێ بەجێ کردنی راستەو خۆ لە لایەن دەزگاکانی وەزارەتەوە یا سپاردنیان بە کۆمپانیاکان یا ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارو پسپۆرن بۆ جێ بەجێ کردنیان.

٤- وەزارەت بۆی هەیە بەسیفەتی بەڵێندەر (مقاول) پرۆژەی هەر لایەنێکی ناو هەرێم لە رێگەی دەزگا جێ بەجێکارو سکیچکێشەکانییەوە جێ بەجێ بکا.

٥- بەڵێن بەستن (التعاقد) لەگەڵ کارمەندانی بیانی یا کۆمپانیاو دام ودەزگا پسپۆرەکان بۆ کارکردن لە فەرمانگەکانی وەزارەتدا یا تەواوکردنی ئەو هەندە کارانەی پێ یان سپێردراوە، ئەمەش بە پەسندکردن لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٦- پێشنیازکردنی نەخشەو پرۆژەی گەشەپێدان لە چوارچێوەی نەخشە گشتییەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان وجێ بەجێ کردنیان بەرێکخستنی لەگەڵ لایەن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا.

٧- بەگەرخستنی ئەو داهاتانەی لە هەندێ لەچالاکی یەکانی وەزارەتەوە دەست دەکەون بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ئەوەیش دوای پەسند کردن لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**مادەی سێیەم**: ١- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیاری یەکەمە لە جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەیو سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی یاساو پەیرەوو رێنماییەکان تیایداو لەویشەوە بریارو فەرمان و رێنمایەکان دەردەچن لە چوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودام و دەزگاو دەسەڵاتەکانی و گشت کاروبارە ئیداری و هونەری و داراییەکان لە سنووری ئەم یاسایەداو بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت یا بەرێوەبەرە

گشتی یەکان یا هەر یەکێك لە وەزارەتدا بەلایەوە پەسندبێ بسپێرێ لە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت :- لە سەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزارەتدا یاریدەی وەزیر دەداو ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێ یان دەسپێرێ.

٣- بەرێوەبەرێتی و دامودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت ئەمانەن :

أ - نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەریوەبەر سەرۆکایەنی ی دەکاو چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ب - نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بەرێوەی دەباو چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ج - بەرێوەبەرێتی ی نەخشەکێشان وبەدوادا چوون: بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

د - بەرێوەبەرێتی ی راگەیاندن وپەیوەندی: بە نووسینگەی وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

هـ - فەرمانگەی یاسایی : بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

**مادەی چوارەم**: بەریوەبەرێتی یەکانی دیوانی وەزارەت و دام و دەزگاکانیان.

١- بەرێوەبەرێتی گشتی ی دیوان: فەرمانەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی کە باوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەنی ی دەکاو ئەم بەرێوەبەرێتی یانەی پێوە دەبەسترێتەوە :

أ - بەرێوەبەرێتی ی کاروباری ئیدارەو کەسان.

ب - بەرێوەبەریتی ی کاروباری دارایی.

ج - بەرێوەبەریتی ی چاودێری و پێداجوونەوەی دارایی.

٢- بەرێوەبەرێتی ی گشتی ی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی کە باوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ و لە کارمەندان و پسپۆران بێ سەرۆکایەتی ی دەکاو بەرێوەبەرێتی یەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی پارێزگاکانی پێوە دەبەسترێتەوە.

**مادەی پێنجەم**: یەکەم: ئەنجومەنێك لە وەزارەندا بە ناوی (ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان) بە سەرۆکایەتی ی وەزیر بەم جۆرە پێکدێ:

١- بریکاری وەزارەت : جێگری وەزیر.

٢- بەرێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەت : ئەندام.

٣- بەرێوەبەری نەخشە دانان و بەدوادا چوون: ئەندام.

٤- هەر کارمەندو پسپۆرێك کە وەزیر لە ناو وەزارەت و لە دەرەوەیدا هەڵیاندەبژێرێ.

**دووەم**: ئەرکەکانی ئەنجومەن :

١- ئامادەکردن و دارشتنی ئامانجە گشتی یەکانی نەخشەکانی وەزارەت لەبەر رۆشنایی ی رێنوێنی یەکانی (توجیهات) ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا.

٢- پێشکەشکردنی پێشنیاز سەبارەت بە پرۆژەکان و گۆرینی نەخشەکان ودیاریکردنی چۆنێتی ی ریزبەستنیان.

٣- لێکۆڵینەوە و پێشنیاز کردنی بوودجە بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان.

٤- لێکۆڵینەوەی باری مادە سروشتی یەکان بۆ مەبەستی بینا کردن وپیشەسازی وپشت بەستن بە خێرو بێری هەرێم.

٥- لێکۆڵینەوەی راپۆرتی خولەکی ی گشتی ی وەزارەت کە بەرێوەبەرێتی ی نەخشە کێشان ئامادەی دەکاو دەربری تێبینی رێنوێنی خۆی لە بارەیەوە.

٦- پێشکەشکردنی پێشنیازو دیاریکردنی ئەو رێ وشوێنانەی پەرەپێدانی هەندێ پیشەسازی وئەو پرۆژە گشت وکاڵی یانە زامن دەکەن کە پەیوەندی یان بەو ناوچانەوە هەیە کە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان دەیانگرێتەوە.

**٧- لێکۆڵینەوەی بەشداربوونی کەرتی تایبەتی لە چالاکی ی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێداندا.**

**٨- لێکۆڵینەوەی هەر کێشەیەك کە وەزیر دەیخاتە بەر دەمی و رادەربرین و پێشکەشکردنی پێشنیازو ئامۆژگاری ی پێویست لە بارەیەوە.**

**مادەی شەشەم**: گشت ئەو کۆمبانیاو فەرمانگەو بەرێوەبەرێتی یانە هەڵدەوەشێنرێتەوە کە لەوەبەر بە وەزارەنی نیشتەجێ کردن و ئاوەدانکردنەوەی ناوەندەوە بەسترابوونەوەو درانە پاڵ ئەم وەزارەتەو ئەمیش سەبارەت بە مافەکانیان دەچێتە جێگەیان و فەرمانبەرەکانیان بەسەر بەرێوەبەرێتی یەکانی ئەم وەزارەتەدا دابەش دەکرێن و هەموو ئەو ئیلتزام و مافانەی لە دوای پێکهاتنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە لە ١٩٩٢/٧/٤ دا هاتوونە کایەوە دەخرێنە لای ئەم وەزارەتە.

**مادەی حەوتەم**: ١- وەزیر بۆی هەیە لە چوارچێوەی دام و دەزگانانی وەزارەت و لە کاتی پێویستدا بەرێوەبەرێتی و بەش ولق و وەحدەی نوێ پێك بێنێ یا لە یەکیان بدا.

٢- بە پەیرەو ئەرك و تایبەتکاری یەکانی دام و دەزگاکانی وەزارەت دیاری دەکرێن.

٣- وەزیر بۆی هەیە بەپێ ی پێویست لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی پێکبێنێ.

**مادەی هەشتەم**: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانی ی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**مادەی نۆیەم**: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.

**مادەی دەیەم**: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکا.

**مادەی یازدەیەم**: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

**کوردستان بەدرێژایی زیاتر لە سی ساڵ لە سەر دەستی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکاندا کەوتبووە بەر شالاوی بەردەوامی وێرانکردنەوەو سیاسەتی زەوی سووتاوی لەدژ بەکار**

دەهێنرا کە لە ئەنجامیدا هەزارەها گوندو بونیادی ژێرەوەی ئابووری ی هەرێم کاول کران.

دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێویست بوو دەست بکرێ بە کارکردن بۆ سەر لە نوێ ئاوەدانکردنەوەو بیناکردنەوەی ئەوەی حکوومەتی فاشی ی عیراق لە سیاسەتی ئەنفالی بەدناو وێرانی کردو ئەمە لە زنجیرەی ئامانجەکاندا خرایە پێشی هەمووانەوە. بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.

★ ★ ★

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بریار: ٢٣**

**میزووی بریار: ١٩٩٣/٤/٢٥**

**بریـــار**

بەپێی برگە (٤) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) سالی ١٩٩٢، وە مادە (٦،٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی سالی ١٩٩٢. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٤/٢٥ ئەم بریارەی دا:

**یەکەم**: بروا پێدان بە دووەم وەزارەتی هەرێمی کوردستانی عیراق کە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك هاتووە:

١- کوسرەت رسول علي — سەروك وەزیران
٢- د. روز نوری شاویس — جیگری سەروك وەزیران
٣- جبار فرمان علی اکبر — وەزیری کاروباری پیشمەرگە
٤- یونس محمد سلیم روزبەیانی — وەزیری ناوخو
٥- د. ناصح غفور رمضان — وەزیری پەروەردە
٦- محمد توفیق رحیم — وەزیری هاوکاری و کاروباری مروڤایەتی
٧- دارو نوری صالح — وەزیری دارایی وئابووری
٨- شیرکو فائق عبدالله بی کەس — وەزیری روشنبیری
٩- محمد امین مولود — وەزیری پیشەسازی و ووزە
١٠- سعدی احمد بیرە — وەزیری کشتوکال و ئاودیری.
١١- کمال شاکر محمد — وەزیری تەندروستی و کاروباری کومەلایەتی
١٢- کافیة سلیمان عبدالله — وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.
١٣- محمد عبدالقادر احمد — وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
١٤- د. ادریس هادی صالح — وەزیری گواستنەوەو گەیانـــدن کەیاندن
١٥- مامون نور محمد بریفکانی — وەزیری ئاوەدان کردنەوەو گەشەپیدان
١٦- قادر عزیز محمد جەباری — وەزیری داد
١٧- یونادم یوسف کنا — وەزیری ئەشغال ونیشتەجی کردن

**دووەم**: سویند خواردنی بەریز (د. روز نوری شاوەیس) جیگری سەروك ئەنجومەنی وەزیرانی هەریم دوا دەخری تا ئەو کاتەی لە دەرەوەی کوردستان دەگەریتەوە.

روزی ٥/ کولان ٢٦٩٣ ی کوردی بەرامبەر بە ٢٥/ نیسان /١٩٩٣ی زاینی لە هەولیر نووسراوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**

★ ★ ★

**بەناوی خوای بەخشندەو مهربانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی فەرمان ٨**

**مێژووی فەرمان ٦/٥/١٩٩٣**

**(فەرمان)**

لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق کەبە نووسراویان ژمارە (٢٠٦) لە ١٩٩٣/٥/٣ پێیان گەیشتووە، بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە لە مادة/ ١٤ ی یاسای ژمارە/ ٢ی سالی ١٩٩٢ وبرگە ٣ی مادە یانزدەهەمی هەمان یاسا پێیان دراوە بریارماندا:

یەکەم: لابردنی ئەم بەرێزانەی ناوەکانیان لە خوارەوە دادێت لە کارەکانی پێشویان کەبەرامبەر هەر ناوێك دەست نیشان کراوە:

١- نوزاد صالح خوشناو — بریکاري وەزارەتی پێشمەرگە
٢- صالح اسعد فتاح — بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
٣- احمد عبدالرحمن قەصاب — بریکاری وەزارەنی پیشەسازی و ووزە
٤- احمد سالار عبد الواحد — بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری
٥- اکرم عزت — بریکاری وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری

دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە ئەم بریارە جێ بەجێ بکات.

رۆژی ١٥ی گولان / ٢٦٩٣ی کوردی بەرامبەر ١٩٩٣/٥/٥ز لە هەولێر نووسراوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی ی کوردستان**